# بەرنامە و

# پێڕەوی نێوخۆی

# "پارتی لیبڕاڵ دیمۆکراتی کوردستان"

**پەسندکراوی**

**"کۆنفرانسی پێنجەم"**

پێشەکی

ئەم هەزارەییە دەتوانێ بانگەشەی ئازادیی مرۆڤایەتی لە پەیامی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزیی خۆیدا هەڵبگرێت. ئەوەیە کە نەتەوەی کورد، لەگەڵ خاوبوونەوەی سەهۆڵی رۆحی ناوچە و نەتەوە چەقبەستووەکان، ئەزموون و قۆناغێکی تازە لە خەبات و گەشەی شارستانییەتی پڕ لە تەنگ و چەڵەمەی خۆی تاقی دەکاتەوە. ئیتر دیکتاتۆرە ملهوڕەکان وەکو جاران ناتوانن درێژە بە دەسەڵاتی سەرکوتکارانەی خۆیان بدەن و نەتەوەو پێکهاتە بێ ماف و سەرکوتکراوەکانیش وەکو جاران بێدەسەڵات نین.

دەنگی زەوتکراوی ستەملێکراوانی مێژووی ژیانی دیکتاتۆرەکان ئەوڕۆ هەرایەکی جیهانیی سازداوە و ئاستی گەشەی مافەکانی مرۆڤ بەو ڕادەیە گەیشتووە، کە چیتر وەکو دۆسیەیەکی ناوخۆی وڵاتان سەیر ناکرێن.

پشتیوانیکردن لە دیمۆکراسیخوازیی و بزووتنە نەتەوەیی و جەماوەری و مەدەنییە پشتگوێخراوەکان بەو ئاستە گەیشتووە کە پشتیوانی سەربازییان بە پێی یاسا و رێسا ئەخلاقی و جیهانییەکان لێدەکرێ، ئەگەرچی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین وکردەوەی تیرۆریستیەکان و بە تایبەتی کوشت و بڕەکانی و

سەرکێشییەکانی ئێران، یاسا و ڕێسا جیهانییەکانیشی تووشی بێ متمانەیی کردووە و باوەڕی گەلانی زوڵملێکراوی بەرامبەر مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ تووشی ڕامان و گومان کردووە.

بەم پێیە کۆنفرانسی پێنجەم- ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی زیاترمان پێدەسپێردرێ و ڕامان دەسپێرێت کە خۆمان بۆ گۆڕانکاریی مەزن ئامادە بکەین و پرسیاری سەرەکیمان لەخۆمان ئەوە بێت کە: چۆن بەرەوپیری دۆسیەی ڕزگاریی نیشتمانێك جووڵە بکەین کە خەریکە زنجیرەکانی خۆی دەپسێنێ و نەتەوەیەکی تازە شانبەشانی کۆمەڵە نەتەوەیەك لەدایك دەبێت کە کێشەی وەك ئێمەیان هەیە و باڵادەستیی نەتەوەی فارس هەمووومانی بە سیستەمە پاوانخواز و داگیرکارانەکەیەوە تووشی کارەساتێکی سیاسی – مێژوویی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری کردووە؟....

بە ڕای ئێمە کێشەی نەتەوەی کورد تەنیا یەك کێشە نییە. کێشەی ئێمە تەنیا لابردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەرکردنی لە خاکی کوردستان نییە، بەڵکو کێشەی ئێمە نەبوونی ئازادی و نەبوونی سەروەری نەتەوەیی لە وڵاتەکەماندایە

واتە ئێمە ئەگەر نەتەوەی باڵادەست ئازادییەکانمانی زەوتکردووە، کەچی وەکو ئەوان نین و لەپاش ئازادبوونی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێرانیش کێشەمان هەیە.

ئێمە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین کە وەکو نەتەوە و وەك شوناسێکی جیاواز لە خۆیان قبووڵمان بکەن و دان بە سەروەرییەکانماندا بنێن و قەرەبووی زیانەکانی ڕابردوومان بۆ بکەنەوە.

هەوڵەکانی "پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان" ئەوەییە کە شانبەشانی نەتەوەکانیتری ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی و عەقڵییەتی پاوانخواز شەڕ بکات. هەم بە دیالۆگ و دانووستان لەگەڵ لایەنەکان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران سەروەرییەکانی خۆی بچەسپێنێ و لەگەڵیاندا پێك بێت.

کەواتە  کۆنفرانسی پێنجەم پارتیمان بە راسپاردەکانی خۆی، ئەرکەکانمان زیاتر و بەرپرسیارێتیمان قورستر دەکات و ئەمەش ئەو راستەیە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەردەخات کە، پارتیمان دەتوانێ بە گوێرەی پرَۆژە و خزمەتەکانی جێگای دڵنیایی و  هیوای دوارۆژی گەلێکی ستەملێکراو بێت.

بەشی یەکەم

## بەرنامەی

## پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان

فەسڵی یەکەم

ئامانجەکان و بەرنامەی هاوبەشمان لەگەڵ پێکهاتەکانی ئێران دا

پارتی لیبرال دێموکراتی کوردستان، بە لە بەر چاوگرتنی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگا و بە پێی هەلومەرجی سیاسیی وڵات وبە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دۆخێکی سیاسیی لەبار، کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵی بۆ داوە، دەیهەوێ کەسایەتیی تێکشکاوو پێشێلکراوی گەلی کورد زیندوو بکاتەوەو لە هەوڵی ئەوەدایە، خەڵکی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا(بێ ئەوەی هیچ لایەن و تاقم و گرووپێ بتوانن، بارودۆخەکە لە قازانجی خۆیاندا بەلاڕێدا ببەن)کاریگەری و دەورێکی بەرچاویان هەبێ.

ئەمەیش پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە، "پارتی لیبڕاڵ دێمۆکراتی کوردستان" نایەوێ ئیرادەی مافخوازانەی گەلی کورد بکەوێتە ژێرڕکێفی هیچ لایەنێکی دیکەوەو بۆ نیازەیی تایبەت، خەڵك بۆ خۆیان لە کەشێکی لە بارو ئارامدا، بڕیاری چارەنووس سازی خۆیان بدەن و ئەم پارتەیش پشتیوانی ڕای گشتی و خواستەکانی گەلی کوردستان دەبێت. کە وای لێهات ئەوە رەوتی سیاسیی وڵات و ئیرادەی خەڵکە، کە بڕیاری کۆتایی دەردەکات. ئێمەش پشتگیری لە بریاری ئازاد و سەربەستی میللەتەکەمان دەکەین. ئەگەریش بۆ کێشەی نێوان گەلانی ئێران فۆرمێك پێشنیار بکەین ئەوا خوازیاری دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە ریفراندۆمێکی ئازاد دا بۆ رۆژهەلاتی کوردستانین بۆ نەمانەوە لە چوارچێوەی ئێرانێکی فێدراڵ وبە مەرجی دابینکردنی مافەکانی کوردانی نیشتەجێی پارێزگاکانی دوور لە خاکی کوردستانین، کە بە هۆی سیاسەتی راگواستنی زۆرەملێ و کۆچ پێدانیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی پێشووتری ئێرانەوە زیانێکی مێژووییان لێکەوتووە و دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە و نوێنەری تایبەتیان لە دامودەزگاکانی حکوومەتدا بۆ دابنێن کە زمانحاڵی ئەوان و ئازارەکانیان بێت و جارێکیتر وەك شارۆمەندی پلە چەندەم سەیر نەکرێن.

پێش ئەوەش کار بۆ بەڕێوەچوونی ریفراندۆم بکرێت، پلانی ئەوە دابنێین کە جوغرافیای وڵاتەکەمان ساغ بکەینەوە. واتە ناوچە سەرڕاستەکان سەر بە هەرێمی رۆژهەڵاتی کوردستانن و لەو هەرێمانەیدا کە وەکو خۆراسان کوردی لێیە، ئێمە خوازیاری مافی خۆبەڕێوەبەری بۆ هاووڵاتییانی کوردی خۆمانین هەروەها کە، دانی مافی خۆبەڕێوەبەری بە کەمایەتییەکانی نیشتەجێی کوردستانیش مافێکی ئینسانی و دێمۆکراتیکی ئەوانە.

فەسڵی دووهەم

بۆ مافی چارەی خۆنووسین؟

ئەم چەمکە بریتی لە چەشنە هاوپەیمانێتییەکی نێوان نەتەوەکان، قەوارەو لایەنەکانە کە تێیدا بە هیچ شێوە هەژموونیخوازییەکی تایبەت بە مێژووی کۆنی،

سازشکردنی نابەرپرسیارانەو نادێمۆکراتیك لە نێوان قەوارەکاندا ناهێڵێ، کە بە دوور لە پاوانخوازی و خۆ سەپاندن درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆیان بە شێوەیەکی سەردەمیانە و دێمۆکراتیک لە ئێراندا یان بەدەر لەم چوارچێوەیە بدەن.

ئەم شێوازە کە باس لە قەرەبووکردنەوەی زیانە مێژووییەکانیش لە نەتەوەی باڵادەست و حوکمڕان دەکات، خوازیاری دابین بوونی شێوە بارودۆخێکی مەرجدار بە یاسایە، کە تێیدا نەتەوەی باڵادەست داوا لە نەتەوەکانیتر بکات لە گەڵیدا هاوڕاو هاوپەیمان بن و قەرەبووی رابردووی ناسازیان بۆ بکاتەوە. واتە دوو مەرجی تازەی پێوە دیارە: لایەنی براوەی یەکەمی هەڵبژادن داوا دەکات لەگەڵیدا هاونیشتمان بن. نەتەوەی زیان لێکەوتووەکان قەرەبوو کردنەوە دەکات و لە هەمانکاتیشدا لە مافەکانی خۆی دەست هەڵناگرێت.

تێبینی: خەباتی ناسیۆنالیستیی هەڵبژاردەی حیزبی ئێمە جیاوازییەکی زیاتری لەگەڵ خەباتی رابردووماندا هەیە. ناسیۆنالیزمی ئێمە ناسیۆنالیزمێکی تەکنیکی و هونەرییە. بەو مانایەی کە، ئێمە هەتا دیاریکردن و یەکلاییکردنەوەی سنوور و جوغرافیا و دەسەڵاتی نەتەوەییمان لە قۆناغی یەکەمداین.

لە قۆناغی یەکەمدا داوای دابەزینی ناسیۆنالیزمی زاڵ واتە شۆڤینیزمی نەتەوەی باڵادەست لە هەڵوێستی دوژمنکارانەی خۆیان ئەکەین، کە دان بە سەروەرییەکانی ئێمە بەسەر خاك و نیشتمانی خۆماندا بنێن و لە هەمان کاتیشدا بیر لە قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانە بکەنەوە کە لە ماوەی رابردووی دەسەڵاتیاندا لە ئێمەیان داوە.

وڵاتی لەتکراوی ئێمە بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی خاك و زاراوەگەل و ئایین و کەمە نەتەوەی زۆر و رەنگینە. لەرۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە کورد، ئازەری و ئاشووری و فارس و ئەرمەنی - ش هەن. لە ناو خۆماندا زاراوەگەلێکی زۆر بە لق و پۆپی جیاوازەوە لە باری زمانەوانییەوە گەشەیان کردووە. لوڕ و لەك، کەلهوڕ، گۆران، سۆرانی، هەورامانی ، شکاك و زۆر لایەنی دیکە هەن، کە رەنگاڵەیی بوونی نیشتمانەکەمان دەسەلمێنن.

کوردانی ئێمە لە باری ئایینیشەوە یەکدەست نین. لە کوردستاندا ئایین رۆڵێکی کاریگەری تەنانەت لە شۆڕشدا بووەو چەندین ئایینی گەورەی وەکو: ئایینی کۆنی کوردان(زەردەشت و یارسان: ئەهلی هەق)و ئایینی زۆرینەی کورد(ئیسلام، شیعەو سوننە) و تەنانەت ئایینی مەسیح و ئایینی یەهوود، ئەم دەڤەرەیان پڕ لە بۆن و بەرامەی خۆیان کردووە.

ئێمە لێرەدا داوا لە دەستەڵاتداران دەکەین خۆیان ئیدانەی خۆیان بکەن و خاڵ و سنووری مەرجدار بە یاساوە بۆ خۆیان دابنێن: یاسایەکی دێمۆکراتیك و ئینسانی کە لە پارلمانی داهاتوودا بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی وڵات و بە پشت بەستن بە دەنگی متمانەی خەڵك و راپرسی، هاتبێتە بەرهەم و لە راستیدا گرێکانمان بکاتەوە.

لەگەڵ دروستبوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا و بەهێزبوونی نەتەوەو لایەنە بێدەسەڵاتەکانی کۆن و گەشەی ململانێی سیاسی - دێمۆکراتیکی پلۆرال(فرە ڕەهەند) قۆناغی دووهەم دەست پێدەکا.

لە قۆناغی دووهەمدا کە قۆناغی تەواو بوون و کاڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و قۆناغی پاش چارەسەربوونی کێشە دێرینەکانە، باسکردن لە کێشەی میللی جێگەی خۆی دەدات بە شێوازێکی نوێتر لە ململانێ کە ئەویش پێشبڕکێی نەتەوەکانە.

لەم قۆناغەدا کورد، فارس، بەلووچ، ئازەری، تورکمەن، عەرەب، ئاشووری، ئەرمەنی و جوولەکەو... واتای جارانی خۆیان دەگۆڕن. بارودۆخێکی شارستانییانە باڵ بەسەر خەبات و ململانێی ئێمەدا دەکێشێ. ئێمە لەم قۆناغەدا، لەگەڵ راگرتنی سنوور و تایبەتمەندییەکانی خۆمان وەکو کورد، بە شێوەیەکی ئینسانییانە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا دەجووڵێینەوە. ئیتر بارودۆخەکە بۆ ناسیۆنالیزمی مەدەنی دەگۆڕدرێ. لێرە بە دواوە ململانێیەکی شارستانییانە دروست دەبێ. شارستانییەتێك کە بەرەو ئیمپراتووریایەکی ئینسانی و دێمۆکراتیك دەمانبات.

ئەوەی کە ئێمە باس لە قەرەبووکردنەوەی رەگەزە زیانلێکەوتووەکان دەکەین، بەو مانایەیە کە لە سەردەمی مۆدێرندا باڵادەستەکان بۆ بەهێزبوونی خۆیان و چارەسەریی کۆمەڵێك کێشە(نەك بە تەواوی) کە هەڵچوون و داچوون و تەنگژە دەروونییەکانی پێ سەرکوت بکەن، هێندێ مافیان بە ژێردەستەکانی خۆیان ئەدا و لە هێندێکیشی خۆیان دەبوارد. بۆ نموونە یەکێك لە کێشەکانی پێکەوە ژیانی قەوارەکان لە سەردەمی مۆدێرندا ، جیاوازی دانان لە نێوان نەتەوە و لایەنەکاندا و براگەورەیی و بچووکی و رەوابوونی مافی زیاتر بۆ قەوارەی ستەمکارو هەژموونیخواز بوو. جیابوونەوەی نەتەوەکانی (سوئێد و نۆروێژ) و هەروەها (سلۆڤاك و چێك) بەشێك لەو گرفتانەی بەڕێوەبەریی وڵات لە رۆژگاری مۆدێرن و کێشە لە عەقڵییەتی هەزارەی پێشوومالدا بوو.

لە سەردەمی ئێستادا کە بە سەردەمی جیهانیبوون و پاش مۆدێرن بە ناوبانگە، فۆرمی ژیان و بەڕێوەبەری ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.

لەم سەردەمەدا ئێمە بۆ یەکەمجار خوازیاری ئەوەین، پێش لەوەی ئەوان نەتەوە بێدەسەڵاتە خەباتکارەکان بە ناوونانتۆرەی وەکو(جوداییخواز و ئاژاوەگێڕو تێکدەر و هتد...) تاوانبار بکەن، بە دیدێکی رەخنەگرانەو ئینسانییەوە، وەکو لایەنی بە دەسەڵات و تەنانەت هەڵەکار، چاو بە رابردووی خۆیاندا بخشێنن. چونکا رابردوویەکی کارەساتبار و هەر لەو کاتەشدا تەماوییان هەیە و دەبێ بۆ گەڕانەوەی متمانەی قەوارەکانی دیکە هەوڵێکی نەپساوە بدەن.

## فەسڵی سێهەم

## بەرنامەی ئێمە بۆ دوا رۆژ

رێباز و پلانی سیاسیی ئێمە لە چوارچێوەی "لیبرالیزمێکی ئینسانی"دا دەسوورێتەوە .

لیبرالیزمێکی ئینسانی کە لەسەر پلانی "قەرەبووخوازیی مێژوویی" بنیات دەنرێ . (جبران طلبی تاریخی)

له دوور مەودای سیاسیی کوردستاندا وادەبینین، دەسەڵاتێکی تەواو دێمۆکراتیکمان ببێ و هەڵبژاردنی "لیبرالیزمی ئینسانی"ش وەکو ئامانجمان بە مەبەستی سازکردنی داهاتوویەکی پڕ لە بەختەوەرییە.

لیبرالیزمی کوردستانییانەی ئێمە، لیبرالیزمێکی جیاواز لە لیبرالیزمی رۆژئاوایە. بەو مانایە دەتوانین دنیایەکی جیاواز بۆ خۆمان بخولقێنین و هیچکام لە هەڵەکانی رابردووی ئایدیا و فەلسەفەی لیبراڵی رۆژئاواییش وەئەستۆ نەگرین. بەڵکو بە دەسکەوتە زانستییەکانیان شەڕی ستاندنەوەی کەرامەتی خۆمان لە داگیرکار بکەین.

بنەماکانی لیبرالیزمی رۆژئاوایی - واتە لیبرالیزمێک کە کاپیتالیزمی بەرهەم هێناوە - کە لەسەر دوو چەمکی (قازانج خوازی، یوتیلیتاریسم) لە ئابووری و (ئازادسازی و سەرکوتی هەستی جنسی) کە بە تێکڕا، خۆی لە (ئابووری "لیبیدۆ"یی "فرۆید"ی) دا دەبینێ و سروشتی مرۆڤ و ئازادی و کەرامەتی ئینسانی وەکو ئامرازێکی ئابووری بەکار دێنێ، ئێستا لە کۆمەڵگای رۆژئاواشدا کەوتووەتە بەر ڕەخنە و خەریکن پێداچوونەوەی بۆ دەکەن.

لە راستیدا "بەرژەوەندیخوازی" بووە هۆی ئەوەی کلتووری داگیرکاری دروست ببێ و مرۆڤ و ئامانجە سروشتییەکانی پشت گوێ بخرێن و ئامانجە سەرەکییەکانی لیبرالیزم کە خۆی لە یەکسانیی تاکەکان لە بەرامبەر یاسا و کۆمەڵگادا پێناسە دەکرد، بوو بە هەژموونیخوازیی تاکی بەهێز و بەم شێوەیەش توانییان کەرامەتی مرۆڤ بۆ قازانجی خۆیان هەڕاج بکەن.

لەبەر ئەوەی کە نەتەوەیەکی ئازادیخواز بووە و هەوڵی خۆدەربازکردنی لەژێر ڕکێفی داگیرکاران داوە، دەتوانێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی لیبرالیزم بۆ ئاوەدانکردنەوەی ماڵی خۆی و بە بنەما گرتنی (پاراستنی کەرامەتی تاکەکان و گەشەکردنی سروشتیی کۆمەڵگا بە پێی نیازە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی کورد و بە ئامانج گرتنی دابینکردنی پێداویستی سروشتیی مرۆڤ لە جێگای بە

ئامرازکردنی کەرامەتی مرۆڤ بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی تایبەت) کەڵك وەربگرێ.

یانی هیومانیزمی (مرۆڤگەرێتی) کوردی ، جیاوازیی زۆری لەگەڵ هیومانیزمی رۆژئاواییدا دەبێ و نەتەوەیەکی ژێردەستەش چەمکی لیبرالیزم بە شێوازێکی دیکە بەکار دێنێ بۆ ئەوەی کەسایەتیی خۆی و تاکەکانی پێ بنیات بنێتەوە. کە واتە لیبرالیزمێکی هیومانیست لەگەڵ لیبرالیزمێکی "قازانج – تەوەر"دا جیاوازیی دەبێ. ئەوان نەتەوایەتییەکی هەژموونیکیان بە لیبرالیزمەوە چەسپاند، بەڵام کورد دەیەوێ نەتەوایەتییەکی دێمۆکراتیك و کەرامەتپارێز دابمەزرێنێ.

لە دوور مەودای نەتەوەیی خۆیدا، کورد دەیەوێ خەونە مێژووییەکانی خۆی و ناسنامە و خەونی تازەی خۆی پێکەوە گرێ بدات و وەڵاتێکی  دێمۆکراتیکی خۆی لەرۆژهەڵاتی کوردستان بهێنێتەدی ، کە تێیدا مرۆڤدۆستی و یەکسانیی رەگەزی و قەوارەیی بە پێوانەی هەڵسەنگاندن دادەنێ. یانی سیاسەتی (براوە – براوە) بە پەسند دەزانێ و بە بنەمای دەگرێ.

بەکورتی پلانی "قەرەبووخوازیی مێژوویی" لە بوارەکانی خوارەوەدا درێژە بە کاروبارەکانی دەدات:

1- مافەکانی مرۆڤ

2- مافی نەتەوە و قەوارە فەوتاوو زیانلێکەوتووەکان

3- ئابووری و بازاڕ و پیشەسازی

4- کلتوور و زمان و چالاکییەکانی پێوەندیدار بەم بوارەوە

5- دەروونناسی رەگەز و کۆمەڵگا رووخاوەکان

## فەسڵی چوارەم

# رۆژهەڵاتی کوردستان

رۆژهەڵاتی کوردستان چوارچێوەیەکی جوغرافیایی درێژی، خاوەن وزەو هێزی ئینسانیی کارامەو بە پێزە، کە لە (باشووری رووباری ئاراس)ەوە تا (خەلیج و ناوچەی ئەهواز) درێژەی هەیە بە پشت بەستن بە شەرەفنامەی بەتلیس .

رۆژهەلاتی کوردستان بریتی لە حەوت (ئۆستان) پارێزگای سەر ڕاست و کوردانی پچڕاو( لە پارێزگای هەمەدان وەکو نموونە) و کوردانی پەڕاکەندە و دوورخراوەی دیکەن، کە لە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی ئێران و ناوەڕاستدا نیشتەجێن.

ئەو حەوت پارێزگا یەیش بریتین لە: 1-کوهگیلوویە و بۆیێرئەحمەد2- چوارمحاڵ و بەختیاری 3- ئیلام 4- لوڕستان 5- کرماشان 6- کوردستان 7- پارێزگای ورمێ . هەروەها لە هەندێک لە پارێزگاکان وەک هەمەدان و ئەراك و...دا، گرفتی خاکمان هەیە.

جوغرافیای شێواوی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە ساخکردنەوەو پێداگرییەکی بەڵگەنامەیی و بەهێز هەیە، کە بتوانین بە پێی ئەو بەڵگانە، ئەو بەشانەی لە خاکی کوردان، کە داگیرکراوو لە کورد چۆڵکراون، بگێڕینەوە بۆ باوەشی نیشتمانەکەمان.

دیارە بێجگە لە ویست و داخوازیی دانیشتووانی ناوچەکان و بە لە بەرچاوگرتنی هۆکاری ئابووری و جوغرافیایی، دەبێ رۆشنگەرییەکی زۆریش( وەکو ئەرکی سەرشانی ئەندامانی دەستەبژێر و لیبراڵی هێزەکەمان) بۆ گەڕاندنەوەی ئەندامە دابڕاوەکانی ئەم خاکە( و بیر و ئاوەزی ئەنفالکراوی گەلەکەمان) بۆ نێو بازنەی بنەماڵەیی کوردان بکەین، کە بەهۆی سیاسەتی دوژمنکارانەو شۆڤینیستیی باڵادەستەکانەوە ناسنامەی میللیی خۆیان لێ ئەستێندراوەتەوە، ئەمەش پێویستی بە وەگەڕخستنی توانایەکی زۆری رێکخراوەیی هەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆجارێکیترو بە شێوەیەکی زانستییانە، بە خۆیان بناسێنێتەوە کە ئەوان خاوەنی ئاوات و ئامانج و کلتوور و خەون و

مۆسیقاو داب ونەریت و زمانن لە ئاکامدا رەسەنایەتییەکی هاوبەشن و هەستکردن بە هاوخەباتی و هاوئامانجی دەتوانێ، رزگاری لە ژێردەستەبوونمان زووتر بۆ مسۆگەر بکا.

تێبینی:لێرەدا پێویستە بگوترێ، بێجگە لەوەی ئێمە خاکی کوردستان بە خاکی خۆمان و هاوخەباتیی هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە پێویست و ڕەوا دەزانین، هەوڵی یارمەتی گەیاندن و دروستکردنی هێزێکی کوردستانیی گەورەیش(لە چوارچێوەی کۆنفێدراسیۆنێکی بەربڵاودا) بە پێویست دەزانین. وەکو هێزی یارمەتیدەری کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە کاتە ناسکەکاندا رۆڵ دەگێڕین و یارمەتیی هەموو هێزە کارامە ومیللی – دێمۆکراتیك و شۆڕشگێڕەکانی دیکەیش قبووڵ ئەکەین.

ئەمەیش تاکە رێگای سەرکەوتنی میللەتی کوردە، کە لە جێگەی ئەوەی بیر لە دروستکردنی هاوپەیمان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆمان، بە بێ یەکێتیی ریزەکانمان بکەینەوە، با بۆ جارێکیش بێ، بە تەواوەت پشت بە هێزەکانی خۆمان ببەستین.

## "بەشی دووهەم"

# فەسڵی یەکەم

## بەرنامەی ئیمە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات

### فەسڵی یەکەم

لە داهاتوودا و پاش نەمانی دەسەڵاتی توتالیتەر و هاتنەئارای دۆخێکی دیمۆکراتیك و ئازاد، حکوومەتی ئێران دوو شێوازی بەڕێوەبەریی هەیە:

قۆناغی پێش ڕێفراندۆمە:

1- شێوازی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی گشتی

لەم شێوازەدا دەسەڵات بە شێوەی هاوبەش لە نێوان هەموو قەوارەکاندا دابەش دەبێت.

- مەرجی یەکەم لە سەرکەوتنی مۆدێلی ناسێنترالْ ( لامەرکەزی و فرەپێکهاتە و قەوارەدا ) بۆ وڵاتێکی وەکو ئێران کە تاکو ئێستا لەسەر شێوەیەکی ستەمکارانە بەردەوامیی بە دەسەڵاتدارییی خۆی داوە، پاراستنی مافی هاوڵاتییانی هەرێمەکانی بێجگە لە نەتەوەی باڵادەست و سفرکردنەوەی رابردوویان و دارِشتنەوەی متمانەداری یاسا و رێساکانی وڵات لەسەر شێوازی سڕینەوەی ئاسەواری خراپی رابردووە.

- رێژەیەکی تایبەت بۆ دەنگدان دادەنرێ و خەڵك نوێنەری خۆیان دەستنیشان دەکەن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

- هەموو نەتەوەو قەوارە رەسەنەکان دەبێ مافی ویتۆیان هەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتە هەستیارەکاندا کە بەرەڕووی مەترسی دەبنەوە ، بەکاری بێنن.

- دەبێ مافی قەرەبووکردنەوەی ئەو قەوارەو رەگەزانەی لە ڕەوتی پێشکەوتنەکاندا لەوانیدیکە بەجێماون بە پێی یاسا دابین بکرێ.

- یەکەمین ئەرکی ئەنجومەنی نوێنەران دیاریکردنی سنووری جوگرافیایی قەوارەکانە.

- مافی جیابوونەوەی دێمۆکراتیك و بێ ئەملاوئەولا بۆ هەموو قەوارەیەك لە دەستووردا دەبێ بگونجێ.

- سەرۆکایەتییەکانی وڵات دەبێ بە پێی ڕەزایەتی هەموو لایەنەکان دەستنیشان بکرێن.

- سوپا مافی دەستێوەردانی لە حکوومەتی ناوچەکاندا نییە.

- ناوچەکان دەتوانن رێککەوتننامەی تایبەت بە خۆیان لە ئاستێکی دیاریکراودا لەگەڵ ولاتانی دەرەوە ببەستن.

- زمان و دراوی هاوبەش دەبێ سمبولی یەکەیەکی تایبەتی قەوارەیەکی بەهێز نەبێت. یانی دەبێ چەندین زمان و سمبولی فەرمی لە وڵاتدا ببێ.

2- شێوازی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی ناوچەیی:

شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی "حکوومەتی هەرێمی رۆژهەڵاتی کوردستان"یش لەسەر رێککەوتنی پاراستنی مافی قەوارەکان و مافی دەنگی ئازادانەی خەڵك و نەهێشتنی کلتووری جیاوازیدانان لە نێوان تاك و قەوارەکاندایە.

-- حکوومەتی رۆژهەڵاتی کوردستان، حکوومەتێکی دێمۆکراتیکی فرەلایەنی گشتگیرە، کە هەموو پێکهاتەجۆربەجۆرە نەتەوەیی و ئایینی و هەموو کەمایەتییەکانی نیشتەجێی خاکی کوردستان، لە دەسەڵاتدا بەشدار ئەکا و مافی هەموویان دەپارێزێ.

-- حکوومەتی کوردستان، نوێنەری (کاتی) خەڵکی کوردستانەو بۆ بریاری خەڵك رێز دادەنێ ومافی دەستدریژی کردنە سەر ( یاسا و هەرێمی تاك و قەوارجیاوازەکان)ی نییە.

-- دەسەڵاتی گەورە لە حکوومەتی کوردستاندا لە دەستی خەڵك و سەندیکا و گرووپ و لایەنە مەدەنییەکاندا دەبێت. بۆ ئەوەی حکوومەت نەتوانێ سەرەڕۆیی بکات، دەبێ¬کۆمەڵی مەدەنی و رێکخراوە مەدەنییەکان ئیجازەی یاسایی¬یان هەبێ، لە بەرانبەر حکوومەتدا هەڵوێست بگرن و حکوومەت نەتوانێ سەرکوتیان بکات. حکوومەت دەبێ وەڵامی ویست و داخوازییەکانیان بداتەوەو بە چاوی رێزەوە لێیان بڕوانێ.

- پێویستە دەسەڵاتەکانی (دادوەری و یاسادانان و جێبەجێکار) سەربەخۆ بن و هێزەکانی سوپا و پۆلیس مافی سەرکوتکردن و پێشێلکردنی ئیرادە و ئامانجەکانی هاوڵاتییانیان نەبێت.

- سەرۆکی هەرێم بەدەنگدانی ئازاد و سەربەخۆ هەڵدەبژێردرێ.سەرۆکی هەرێم لە راستیدا دەبێ نموونەی ئیرادەی رێکخەری پێکهاتەکان و کەسایەتیی نەتەوەییمان بێت.

- پارلمانی کوردستان بە دەنگی ئازادی خەڵك هەڵدەبژێردرێت، کە ئەرکی چاودێریی دەسەڵات دەکات و یاساکان دەستنیشان دەکات و چاودێری بەڕێوەبردنیانە.

- پارلمانی کوردستان سەرۆکی حکوومەتی و هەرێمی کوردستان دیاری دەکات و ئەویش کابینەکەی بۆ وەرگرتنی دەنگی متمانە دەنێرێتە پارلمان.

- 2/3ی دەنگەکانی پارلمان دەتوانێ متمانە لە سەرۆکایەتییەکانی هەرێم وەربگرێتەوە و پارلمانیش هەڵبوەشێنێتەوە.

- مافی راپرسیی جەماوەری (ریفراندۆم) لە شێوەی هەڵبژاردنی گشتیدا و لە پرسە چارەنووسسازەکاندا دەبێ بدرێت بە دانیشتووانی خاکی کوردستان.

قۆناغی دوای رێفراندۆمە چارەنووسازەکە:

لە پاش ئەوەی ریفراندۆمێکی گشتی ئەنجام دەدرێت، گەلی کوردستان شانبەشانی نەتەوە و کەمایەتییەکانیتر بریار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات.

بریار دەدات کە وەك شوناسێکی سەربەخۆ کار بکات، لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیمۆکرات درێژە بە ژیانی سیاسیی هاوبەشی خۆی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا بدات.

## بەشی سێهەم

## پڕەنسیپەکانی حیزبی ئێمە:

١- (تاك) بنەما و بنچینەی کۆمەڵە و تاکی تەندروست و بەختەوەر، بنیاتنەری ئەقڵی تەندروست و ڕێکخەری کۆمەڵگایەکی بەختەوەرە. ئێمە لەو باوەڕەداین: لە کۆمەڵگایەکی تەندروستدا،(تاك) نانی جیاوازییەکانی خۆی ئەخوات، کەچی لە کۆمەڵگایەکی نەخوشدا،(تاك) خاوەنی ناسنامە و کەسایەتیی خۆی نییە، بەڵکو بۆی دروست دەکەن. واتە لە ژێر کاریگەریی رەوتی دەقکردن و لە قاڵبدانی تاکەکاندا بە مەبەستی دروستکردنی سوپایەکی ترسناك کە هیچ ئیرادە و توانای بڕیاردانێکی لە خۆیەوە نییە، دەهاڕدرێ.

ئەرکی سەرشانی پارتی ئێمە ناساندنەوەی تاك بە تاکی کورد و دانیشتووانی کوردستان بە کورد و مافەکانیان بە شێوەیەکی راستەقینە و بە دوور لە قاڵبگرتن و لە خاچدانیانە.

لە راستیدا رواڵەتی شێواوی خەباتی ئێمە لە شێواندنی کەسایەتیی تاکی کوردەوە دەستی پێکردووە. بۆ زیندوو کردنەوەی شۆڕشی کورد دەبێ لە هەڵسانەوەو هۆشیار کردنەوەی تاکەکانەوە دەست پێ بکەین.

2- گرێنتیی ماف و ژیانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگاو ڕێکخراوو ئۆرگانەکانی، کە خەریکی ژیان وخزمەت بە بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگای کوردستانن، بە بێ جیاوازیدانان، مافی هەموو مرۆڤێکی نیشتەجێی خاکی کوردستانە.

3- پلۆرالیزمی سیاسی وپێداگریکردن لەسەر کۆمەڵگایەکی فرەپێکهاتە و فرەلایەن ئامانجێکی ئەمڕۆیی کۆمەڵگا بەختەوەرەکانە.لەراستیدا ئەگەر بە بێ دەمارگیری (تعصب) سەیری پێکهاتەی کۆمەڵگا بکەین، کۆمەڵگا بریتیە لە رەگەزە جیاوازەکان کە زۆر بە کەمی لە یەکتر دەچن و دەتوانین لە جێگای دەستەواژەی زۆرینە ، دەستەواژەی (کەمینە – زۆرەکان) ناو ببەین. هەر لەبەر ئەم هۆیانە، پلۆرالیزمی سیاسی یەکێك لەو ئامانجانەیە کە ئێمە پێداگری لەسەر دەکەین. یانی هیچ ئایدۆلۆژیایەکی داپڵۆسێنەر دۆست و هاوبیری ئێمە نییە و ئەوەی دەستێوەردان لە مافی تاکەکاندا ئەکا، ئەوەی ئازادیی ڕا دەربڕین و ڕاگەیاندن پێشێل ئەکا. ئەوەی یەکسانیی نێوان تاکەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەکانی بەردەمیان، دەخاتە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی دەسەڵاتخوازانەی

خۆیەوەو ناهێڵێ بە ئامانجە ئینسانییەکانیان بگەن و لە جێی خزمەتکردن بە کۆمەڵگا، بیانهێنێتە خزمەتی ئامانجەکانی خۆیەوە، ئێمە خوازیاری هاوپەیمانێتی لە گەڵ ئەواندا نابین، چونکا کاتێك ئەو هێزانە بە دەسەڵات ئەگەن، تاقمی سەرەڕۆو دەست درێژیکەر دروست ئەکەن و دەبنە مایەی ئازاری هاووڵاتییان و ئازادی لە دەستی گەل دەردێنن و کۆیلایەتییەکی خۆماڵی دروست دەکەن.

4- ریفۆرمی ئایینی یەکێك لەو ئامانجانەیە کە هێزی لیبراڵی کوردستان لە پلاتفۆرمی خۆیدا گونجاندوویەتی.

ئێمە خوازیاری ئەوەین کە بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك ئایین بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی بەکار نەهێنێ، نابێ لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا وەکو سەرچاوەی یاسایی دەستنیشانی بکەین.

5- کۆمەڵگای کوردستان بە هیچ شێوەیەك لەباری پیشەسازییەوە گەشەی نەکردووە و لە باری بازاڕیشەوە لە ئاستێکی نزمدایە. ئامانجێکی گەورەی ئێمە گەشەپێدانی پیشەسازی و دروستکردنی بازاڕێکی ئازادی ناوچەیی و جیهانی لە کوردستاندایە. چونکا کوردستان وەکو شا-ڕێگای سەرەکیی ئورووپا – ئاسیا دانراوە و دەتوانین لەو بەهرە سروشتییەی کوردستانیش بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکەمان کەڵك وەربگرین.

6- پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی و دروستکردنی سیمایەکی جوان بۆ خەبات و کلتوور و شارستانییەتی کورد لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمێکی دێمۆکراتیکدا، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێمەیە، چونکا سیمای ڕاستەقینەی ئێمەیان لەناو میللەتانی سەربەستی دنیادا شێواندووە و دەبێ هەوڵی داڕشتنەوەی خۆمان و کلتوور و ناسنامەی خۆمان بدەین.

7- یەکێك لە ئامانجەکانی لیبرالیزمی قەرەبووخوازی کورد، چالاککردن و هاندانی هێزی ناوەکیی کۆمەڵگا، واتە: کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنییەکانە. ئەمەش لە کورتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا ڕۆڵ دەگێڕێ و لە برەوپێدان بە کلتووری دێمۆکراسی و دەستەبەربوونی ئازادییەکاندا کاریگەریی خۆی دەبێت. ئەم بووژانەوەش بە (شۆڕشی کۆمەڵایەتی) دادەنێین، مەبەستیشمان لە

کورتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت ئەوەیە کە جارێکیتر نەبینەوە قوربانیی پاوانخوازیی کلتوور و دەستەیەکی تایبەت و بۆ خۆمان بە ئازادی، خاوەندارێتیی سەروەرییەکانمان بکەین.

8- بوونی مافی مڵکدارێتیی تایبەت، گەشە بە سەرمایەداری و بنیاتە ئابووری و دارایی و پیشەسازییەکان دەدات. ئێمە ئامانجمانە کۆمەڵگایەکی پڕ لە بنیاتی سەربەخۆی ئابووری دروست بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پشتگیریی تەواوی سەرمایەکانی کۆمەڵگا و کەرتی تایبەت دەکەین.

لە راستیدا سەرمایەداریی کوردستان تامی شێوەیەك لە چەوساوەیی و غەدری تاقیکردووەتەوەو لەژێرباری ئابووری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا شکاوەو نەیتوانیوە گەشە بکات. ئێمە پشتگیریی خۆمان بۆ سەرمایەدارە خۆماڵییەکان و هاتنی سەرمایەی دەرەکی بۆ ناوخۆی ولاتەکەمان رادەگەیەنین.

9- یاسا – سەروەری یەکێك لە ئامانجەکانی ئێمەیە. لە داهاتوودا پشتگیریی خۆمان بۆ باڵادەستیی یاسا و یەکسانیی هەموو تاکێکی وڵاتەکەمان لە بەرامبەر یاسادا دەردەبڕین.

10- مافی هاوڵاتیبوون یەکێك لە مافە شارستانییەکانی دنیای پێشکەوتووە و دەبێ هەموو تاکیکی کوردستانی و هەموو کەسێکی لەچەوسانەوە هەڵاتوو، کە پەنای بۆ کوردستان هێناوە لەم مافە یاسایی و دێمۆکراتیکە بێبەش نەکرێت.

11- یەکسانیی نەتەوەیی ، ئایینی، ئابووری و کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتە یەکسانەکان و ئازادییە ئینسانییەکان و جیاوازییەکانمان ، مافێکی دێمۆکراتیکەو ئێمەش پەرەی پێدەدەین.

12- یەکێك لەو مافانەی کە لە کوردستان ئەستێندراوەتەوە نەبوونی مافی (هاولاتیی جیهانی) وەکو مافێکی سەرەتایی نەتەوەو قەوارەکانی سەر گۆی زەوییە. ئێمەش وەکو وڵاتێکی مێژوویی لە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو سەروەرییە بۆ خەڵکەکەماندای .

13- به مەبەستی لۆبیکردن بۆ کێشەی کورد، ئامانجێکی ئێمە ئەوەیە، وەکو لۆبیی نەتەوە گەورەو خاوەن شکۆکان، هێز و دەسەڵاتێکی گەورە بۆ خۆمان دروست بکەین، کە بتوانین بەو هێزەوە بەرگری لە مافەکانمان بکەین.

14- یەکێك لەو کێشانەی تاکو داهاتوویەکی دووریش ئاسەواری خراپی لە کوردستان و ناوچە دواکەوتووەکانی جیهاندا دەمێنێ ، کێشەی رەگەزە جیاوازەکان و کێشەی ژنی کورد لە ناخی یاسا و رێساکانی کۆمەڵگادایە. ئەمەش تەنیا بە یاسا و پەروەردە چارەسەر دەکرێ.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئێمە پێمانوایە "یاسای قەرەبووکردنەوەی رەگەزە جیاوازەکان" دەبێ ببێ بە یاسایەکی ئینسانی و بە هیچ شێوەیەك نەتوانن بیگۆڕن. یانی ببێ بە یەکێك لە هێڵە سوورەکانی یاسای کوردستان. چونکا کوردیش لە راستیدا بەشێکە لەو قەوارەو رەگەزە جیاوازانە ، کە دەبێ بە هۆی زیانێکی مێژووییەوە کە لێی کەوتووە، قەرەبوو بکرێتەوە.

فەسڵی دووهەم

## ئامانجی پێوەندییە کوردستانی و نێودەوڵەتیەکان:

1- بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هێزە خەباتکار و نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، خوازیاری پێکهێنانی "بەرەی یەکگرتووی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان" ین.

2- بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، خوازیاری پێکهاتنی یەك کۆنگرەی نەتەوەیی مەعنەوین کە بتوانێت دەنگی هەموو کورد لە ناوخۆیدا - بە بێ پشتگوێ خستنی هێزەکانمان – کۆبکاتەوە.

3- بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا کە غەیری فارسن، خوازیاری دروستکردنی یەکێتییەکی پتەوی نەتەوە و قەوارە بندەستەکانین.

4- بۆ پەیوەندیمان لەگەڵ دەستەڵاتداران و نەتەوەی ب و هێزەکانی دیکە خوازیاری ئەوەین کە قەرەبووی زیانەکانی مێژوومان بۆ بکەنەوە و دان بە سەروەرییەکانی ئێمەدا وەك شوناسێکی جیاواز لە خۆیان بنێن.

5- پێوەندییە جیهانییەکانمان بەم ئامانجانەی خوارەوە و لەگەڵ ئەم لایەنانەدا درێژە پێ دەدەین:

أ. دروستکردنی لۆبییەکی جیهانی بۆ راگرتنی دەستدرێژیی لایەنەکانی دژبەری مافەکانمان

ب. ناساندنەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی قەرەبووخواز و زیانلێکەوتوو بە ڕای گشتی دنیا و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان

ئەم لایەنانەش دەبێ وەك پاڵپشتیکار پەیوەندییان پێوە بگیرێت:

1- ولاتانی رۆژئاوایی و دژبەری کۆماری ئیسلامی وەك یەکێتی ئورووپا

2- وڵاتانی ئیسلامیی دژی سیاسەتەکای کۆماری ئیسلامی – بێجگە لە داگیرکارانی کوردستان

3- ولاتان و نەتەوەکانی دۆستی کورد کە لە رۆژانی تەنگانەدا هاوکارییان کردووین.

# بەشی دووهەم

# پێڕەوی نێوخۆی

# پارتی لیبرال دێمۆکراتی کوردستان

## مادەی یەکەم

ناسنامەی حیزب:

1- ناوی پارتەکەمان: (پارتی لیبرال دێمۆکراتی کوردستان) ە.

بەئینگلیزی:Kurdistan iberal Democratic Party

کۆرتکراوەی (pldk)

2- پارتی لیبرال دێمۆکراتی کوردستان، پارتێکی سەربەخۆ خوازە کە بۆ ئازادییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات.

3- ئەم پارتە هەموو تاکە خەباتکار و نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ریزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوەو لە هەموو گۆڕەپانەکانی بواری خەباتدا، بۆ ئەوەی رێگاچارەیەکی گونجاوترو خێراتر بۆ رزگاریی نەتەوەی کورد (لە ژێرگوشار و مەترسیی کۆماری ئیسلامی) بدۆزێتەوە.

4- ئەم پارتە، پارتی تاکە پێشکەوتنخوازو جودابیرە ئازادیخوازەکانی وڵاتی کوردەوارییە کە لە پێناوی بردنە سەری ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگاو لابردنی ترس لە خۆدەرخستنی ئەو تاکانەی دەیانهەوێ پڕۆژەکانیان لە مەیدانە رەخساوە دڵخوازەکانی خۆیاندا پەرە پێبدەن، هەنگاوی گەورەو پڕمتمانە هەڵدەگرێ.

5- پارتیمان، لایەنێکی سێکۆلاری پلۆرالیستە.

یەکێك لە ئامانجە گەورەکانی ئەم حیزبە، رێگانەدان بە کەڵك وەرگرتنی تاقمە پاوانخوازەکانی وەك کۆماری ئیسلامییە، کە دەیانهەوێ پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا وەکو سپەرێك بۆ خۆشاردنەوە بە کار بێنن و بە دەرچوون لە یاسا ئینسانییەکان

و به ئامرازكردنی ئەو پیرۆزییانە و شكاندنی رۆحی نەتەوەیی كورد بە لووتكەی دەسەڵات بگەن.

لە ڕاستیدا گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ پیرۆزییەكانی كۆمەڵگا، تەنیا ڕێگا چارەی سێكۆلاریستیی ئەم پارتەیە، كە وەكو پێشنیارێك بە كۆمەڵگای كوردستانی پێشكەش ئەكات، كە رێگا نەدەن لە سیاسەتدا كەڵكیان لێوەربگرن.

**مادەی دووهەم**

ئەندامەتی لە حیزبدا:

هەموو دانیشتوویەكی خاكی كوردستان(بە تایبەت رۆژهەڵاتی كوردستان) دەتوانێ ببێتە ئەندامی ئەم حیزبە، بە مەرجێك

1- تەمەنی ا (18) ساڵی واتە تەمەنی یاسایی بێت بۆ بوون بە ئەندامی.

2- بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بكات.

3- كەسایەتییەكی خۆشناوو بە نێوەڕۆك و ئازادیخواز بێت.

4- ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت لە كاتە ناسكەكاندا بۆ نیشتمانەكەی لە خۆبوردوویی و گیانفیدایی ئەنجام بدات.

٥- ئەو هاونیشتمانیانیش كە لەگەل هاووڵاتیانی رۆژهەلاتی كوردستان ژیانی هاوبەشیان پێكهێناوە مافی ئەوەیان هەیە ببنە ئەندامی پارتەكەمان.

مادەی سێهەم

شێوەی وەرگرتنی ئەندام:

بۆ ئەوەی کەسێك بە ئەندام وەربگیردرێ، پێویستە:

-- حیزب بناسێ و حیزبیش زانیاری و ناسیاریی لەسەر ئەو ببێ.

-- ئەندامی هیچ حیزبێکی تر نەبێ.

-- کەسێکی هەڵسوورِ و چالاك بێت، بۆ ئەوەی لە بوارێکی حیزبیدا بتوانێ کار بکات.

-- بتوانێ لە تاقیکارییەکانی حیزبدا و لە درێژەی ئەو بەرنامە پەروەردەییی یانەیدا حیزب، بۆ پێگەیاندنی تاکی خۆی دایدەنێ، سەرکەوتووانە بێتە دەرەوە. بێجگە لەمە دەتوانێ لە بەرنامەکانی دیکەی حیزبدا بۆ بردنە سەری توانا و لێهاتوویی خۆی بەشداری بکات.

## مادەی چوارەم

### ئەرکەکانی ئەندام:

ئەرکی سەرەکیی ئەندامی حیزب، پاراستنی کەسایەتی و بەرگریکردن لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکانی خۆی و پارتی و نەتەوەکەیەتی.

-- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب تێبکۆشێ.

-- بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.

-- پێڕەوی لە دیسیپلین و سیاسەتەکانی حیزب بکات.

-- پارێزەری نهێنی و بەرژەوەندییەکانی حیزب بێ.

-- لە برەو پێدان بە سیاسەتی حیزبی و نەتەوەیی خۆیدا بە شێوەیەکی لێزانانە تێبکۆشێ.واتە سیمایەکی جوانی حیزب لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بێت.

-- ئەگەر توانای مادیی باشی هەبوو، یارمەتیی حیزب بدا.

-- له ئۆرگانەکانی حیزبیدا بە پێی شارەزایی خۆی کار بکا. لە ڕاستیدا ئەندامێکی دڵسۆز و بەرپرسیار بێ.

مادەی پێنجەم

## مافەکانی ئەندامی حیزب:

-- کار و پڕۆژەی خاوەن بەرهەم، ئەندام لە پاداشە حیزبییەکاندا سوودمەند دەکا. بوونی پڕۆژەی خزمەتکاری ئامانجەکانی حیزب لە بەرنامەی کاریی تاکەکاندا پیشاندەری ئەو راستییەیە کە تاك خۆی لە حیزب بە جیا نازانێ و دەبێ لە لایەن کەسی بەرپرس و یاساو ئۆرگانەوە خەڵات بکرێ.

-- ئەندام بۆی هەیە بۆ بەرپرسیارێتیی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب خۆی بپاڵێوێ.

-- ئەندام مافی خۆیەتی لە تاکە کەسەوە بگرە تاکو ئۆرگان رەخنە بگرێ .

-- سکاڵای خۆی لە هەموو تاك و ئۆرگانەکان بۆ لایەنی سەرەوەتر بەرز بکاتەوە.

مادەی شەشەم

## سزای حیزبی چۆن دەبێ؟

لە زۆر شوێندا، بۆ تۆڵە ئەستاندن لە ئەندام ئەم بەشەیان گونجاندووە. لە راستیدا ئێمە تەنیا خەیانەتکار بەنیشتمان و حیزب(مادە هۆشبەرەکان) سزا ئەدەین و لە بوارەکانی دیکەدا تەنیا سزای دادوەری بە پێی تاوانێك کە لە لایەن ئەندامەوە ئەنجام دراوە ، دیاری دەکرێ.

لە راستیدا لێبوردن و دەستگرتن و رێنوێنیی پەروەردەیی- ئینسانی باشترین شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ کەسی تاوانباردایە.ئێمە هەوڵ ئەدەین، هێندە لە زیندوو راگرتنی کەسایەتیی تاکدا خۆمان و حیزبەکەمان بە بەرپرس بزانین، کە تاك بتوانێ کەسایەتی خۆی بدۆزێتەوە.

## مادەی حەوتەم

## ئۆرگانیزمی حیزبی(قەوارەی حیزب)

-- لە حیزبی ئێمەدا دوو پیلانی سانترالیستی و دیمۆکراتیك شانبەشانی یەکتر بۆ بەرەوپێشبردنی کاروبارەکان بەکار دەهێنرێت.

-- ئۆرگانی حیزبی ئۆرگانێکی وەڵامدەرە. بەو مانایەی ئەگەر لە لایەن تاکەکانی حیزبەوە سکاڵای لەسەر بەرز کرایەوە، نابێ گوێی لە ئاستی داواکانی ئەواندا بخەوێنێ، بەڵکوو دەبێ بەرپرسیاری ئەرك و کردەوەی خۆی بێت.

-- ئەبێ بریار (لە سەر کێشە و پرسە گرینگەکان) بە شێوەیەکی لۆژیکی و جەمعی و بە بێ ڕق و قین و توندڕەوی بدرێ.

-- زۆرینە بە بەردەوامی دەبێ ڕەچاوی مافەکانی کەمینە بکات.دابین بوونی ئاسایشی کەمینە و تاکە جودابیرەکان سەرکەوتنی حیزبیی زۆرتری بەدوادا دێ.

-- دیسیپلینی حیزب بۆ هەموو ئەندامێکی حیزبی هەر یەك شتە.

-- بریاراتی ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگان و ئەندامانی خوارەوە جێبە جێدەکرێ و کۆدەنگیی ئەندامانی خوارەوەیش دەتوانێ بریاراتی سەرەوە دەوڵەمەندتر بکات.

-- حیزبی ئێمە حیزبێکی مۆدێرنی دێمۆکراتە و ئیجازە بە هیچ تاکێکیش نادات بە شێوەیەکی تاکڕەوانە هەڵس و کەوت بکات و پرەنسیپ و یاساکانی حیزب پێشێل بکات.

-- بوونی فراکسیۆنی سیاسیی خاوەن پرۆژە بۆ ئەو ماوەیەی کە پرۆژەکان بە کۆتایی دەگەن پێویستە. لە ڕاستیدا فراکسیۆنی درێژ ماوە هەر مانای نییە، بەو شێوەیەی لە ناو ئەحزابی دیکەدا بوونی هەبووەو تەنانەت دوای بە ئەنجام گەیشتنی ئەو پرۆژە سیاسییەیش و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەر ماونەتەوە.

بوونی فراکسیۆنی درێژ خایەن بەو مانایەیە: ئەوانەی سەر بەم لایەنەن، مەترسیی ئەوەیان لە سەرە، لە لایەن دەسەڵاتەوە بەرپەلامار بکەون.

-- راپۆرتی کارو چالاکیی ئۆرگان و تەنانەت ئەندامانیش، دەبێ بە سەر و خوارەوە بدرێتەوە. نابێ ئەندامی حیزب ئاگاداری ڕەوشتی حیزب و هەڵوێست و ئاکارەکانی نەبێ.

مادەی هەشتەم

پێکهاتەو ئۆرگانەکان:

دابەشبوونی دەسەڵات لە حیزبدا

دەسەڵاتی باڵادەست لە پارتەکەماندا کۆنگرە یە کەهەر چوار ساڵ جارێک ئەرک و کاروبارەکانی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان دەکات :

- ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکات.

- بابەتە سیاسییەکان و کێشەکان تاوتوێ دەکات.

- پڕۆژەکان دەنێرن بۆ کارکردن.

- بۆ رێبەرایەتیکردنی باشتری پارتەکەمان، راوێژکارەکانیان دەسنیشان دەکەن.

2- کۆمیسیۆنەکانی کار پێك دێنن.

- پڕۆژە پەسندکراوەکان دەنێرێ بۆ جێبەجێکردن.

مادەی نویەم

سەرۆکایەتییەکانی پارتیمان بەم شێوەیەن:

1- ئەنجومەنی سەرکردایەتی ، کە ئەرکی دیپلۆماسی و بەڕێوەبەرایەتی ئیداریی حیزب لە ئەستۆی ئەواندا دەبێ. کە بە گوێرەی جوغرافیای وڵاتەکەمان، ئەنجومەنی هەرێمەکان پێکدێت.

2- ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە لە پارتەکەماندا ستراتێژمەنەکانن و پلانی درێژمەودا لە دەستی ئەواندا دەبێت. ئەمانە لە چارەسەرکردنی کێشە و هەڵسەنگاندنی پرسە ستراتێژیکەکاندا رۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

3- ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆماوەی ٤سال دوو کەسی یەکەمی حیزب وەکو لیدەرەکان دەستنیشان دەکات کە یەکەمیان سەرۆکی پارت و ئەوی دیکەش جێگردەسنیشان دەکرێن.

مادەی دەیەم

ئەم ئامادەکارییانەی بۆ کۆنگرە

١- ئەنجومەنی سەرکردایەتی، رێژەی بەشدارانی کۆنگرە بۆ کۆمیسیۆنەکان دیاری دەکات.

٢- کۆمیسیۆنەکان داوا لە کۆمیتە و ناوەندەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان دەکەن، نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ کۆمیسیۆن و راپۆرتی کاروچالاکی و سکاڵا و پرۆژەکانیان کۆدەکاتەوە بۆ تاوتوێکردن لە کۆنگرە دا.

٣- هەموو بەشەکان دەبێ بە راپۆرتی خۆیانەوە، نوێنەری تایبەتی ئۆرگانەکەیان بنێرنە کۆنگرە و پڕۆژەکانیشیان پێشکەش بکەن.

مادەی یازدەهەم

مەرجەکانی بەشدارانی کۆنگرە:

- نوێنەر کەسێکە کە دەتوانێ بابەتێکی شیاوی باسکردن بورووژێنێ و پڕۆژەیەک پێشکەش بکات.

- نوێنەر دەبێ لە تۆڕی پاڵاوتنی کۆمیسیۆنەوە تێپەڕ ببێت و کاروچالاکییەکانی رەچاو کرابێت.ئەمەش بە مانای ئەوە نیە دیمۆکراسی ڕەچاو نەکرابێت.

- نوێنەر دەبێ باوەڕی تەواوی بە سیاسەتەکانی پارتەکەی ببێت.

- تەمەنی خزمەتی نوێنەران لە ریزەکانی حیزبدا دەبێ لە ٢ساڵ کەمتر نەبێت، مەگەر لە لایەن" ئەنجومەنی سەرکردایەتی"یەوە بانگهێشت کرابێت.

مادەیدوازدەهەم

داهاتی حیزب:

- حیزب لە یارمەتی و پشتیوانیی ئەندامان و لایەنگرانی سوود وەر ئەگرێ.

- سەرمایەی حیزب راناگیرێ و کاری پێدەکرێ و بە دەستی ئەندامانی جێگای متمانەوە ئەدرێ لە خزمەتی حیزبەکەیاندا وەگەڕی بخەن.

- هەقی ئابوونەی ئەندامان

---

تێبینی: ئەم بەرنامەیە لە کۆنفرانسی پێنجەمی پارتەکەماندا پەسند کراوە.